کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-4-2007 1:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیمانە لەگەڵ (ساکار ئەحمەد) ئەندامی کەمپینی نێونەتەوەیی لابردنی بەندی حەوت لەمەر بەندی حەوتی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ... دیمانە: ستێڤان شەمزینانی

ستێڤان: گرنگی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت چییە؟ ئایا علمانیەت دەتوانێت زامنی مافەکانی هاولاتیان بێت لە کۆمەلگادا بەبێ لەبەر چاو گرتنی عقیدەوبیروباوەری ئاینی؟

ساکار ئەحمەد:گرینگی جیا کردنەوەی ئایین لە دەولەت یانی دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و



کەمەلایەتی یەکانی هەر کەسێك لە کۆمەلگاداو بە یەکسانی تەماشا کردن و مامەلە لەگەڵ کردنی لە ڕووی یاسایی یەوە. ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەلگای ئەمرۆ وەك ئەو کۆمەڵە خەلکە نی یە کە لە سەدەکانی ناوەراست دەژیان وکۆمەلی بەرزەوەندی خیل و عەشیرەت کۆی کردبونەوە. نەخیر.. ! کۆمەلگای ئەمرۆ کۆمەلگایەکی ئالۆزەو لە چین و تویزی جیا جیا پیك هاتوە ئەمەش وای کردووە کە هەر چین و تویزیك بزوتنەوەو ریکخراو و ئامانج و بیروباوەری سیاسی و عەقیدەیی وئایدلۆزیای جیا جیای هەبیت. بۆیە باشترین جۆری دەولەت، لەوەتەی ئەم جۆرە لە کۆمەلگا پیك هاتوە، دەولەتی عەلمانی یە. دەولەتی عەلمانیش یانی جیایی دین لە دەولەت و خویندن و فیرکردن. وە تەنها لە سایەی دەولەتی عەلمانی دا مرۆڤ دەکریت بەشیکی گرینگ لە مافەکانی دابین بکات بە تایبەتی مافە فەردی و مەدەنی یەکانی. وە بەرای من ئەگەر کەسانیك کە ئاییینیان وەك ویزدان وەرگرتبیت ئەوە لە سایەی دەولەتیکی عەلمانی ویزدانیان مورتاح ترە. با زۆر دوور نەرۆین و تەنها لە واقعی ئەمرۆوە تەماشای وولات و دەولەتەکانی جهان بکەین و دەرس و تەجرەبە یان لی وەربگرین، بزانین ئاخۆ مرۆڤ لە سایەی دەولەتە عەلمانی یەکانی رۆز ئاوا لە مافەکانی بەهرەمەند ترە یا لە سایەی دەولەتە دینی یە کانی رۆز هەلات. بۆیە بە رای من لایەنیکی کۆچی بە کۆمەلی ملیۆنی خەلکی رۆژهەلات لەبەر زەبرو زەنگی ئەو دەولەتە دینی یانە و تەنانەت لەم کۆرەوەی خەلك هەزارارن کەسی تیایە کە موسلمانن و تەنانەت ئیسلامی سیاسین چونکە ئەوە دەزانن کە لە وولاتانی رۆزئاوا لە مافەکانیان زیاتر بەهرەمەند ترن. دیارە ئەمە مانای ئەوە نی یە ئیتر من تیبینیم لەسەر عەلمانی یەتی ئەو دەولەتە رۆزئاواییانە نی یە، نەخیر چونکە پیم وایە ئەمرۆ بە تایبەتی لەم دوو دەیەیەی دوایی ئەم دەولەتانەش لە زۆر مەیداندا پاشەکشەیان کردووە مافەکانی خەلکیان بەرتەسك کردۆتەوە.

ستێڤان: ئیستا ئیسلامیەکان لەبەرامبەر کەمپینی نیونەتەوەیی و گۆرانی بەندی 7 کەمپەینیکیان دەست داوەتی، تۆ چۆن سەیری ئەو کەمپینە دەکەیت، ئایا پیت وایە ئەوان دەتوانن بەشیوەیەکی شارستانی و مەدەنی کارەکانی خۆیان بەرنە پیشەوە؟

ساکار ئەحمەد:ئاگادارم ئیسلامی یەکان دەستیان داوەتی کەمپەینیك لەبەرانبەر کەمپەنەکەی ئیمەو بە روالەت وا پروپاگەندە دەکەن کە ئەمانیش بە شیوەیەکی مۆدیرنانە ئیمزا کۆ دەکەنەوە بۆ مانەوەی بەندی 7. بەلام من هەرگیز بروام وا نی یە کە ئەوان بتوانن ململانی مۆدیرنانە بکەن و بروایان پی بیت، نەخیر هەرگیز!بەلگەی ئەم قسەیەم زۆر سادەو روون و ئاشکرایە. تۆ وەرە تەماشای میزووی تەنها ئەم دوو دەیەیەی ئەم رەوتە ئیسلامی یانە بکە. بزانەچ میزوویەکی رەشیان بۆ خۆیان تۆمار کردوە.. !بەلام ئەوەی ئەمرۆ وا نیشان دەدەن کە ئەوان خەریکی ململانی ی شارستانین ئەوە قسەی بۆش و بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تالە. مەگەر ئەوان بروایان بە هیچ شاستانیەت و مۆدرینیەت و سکولاریزم هەیە تا خواست و ئامانجەکانیان بە ململانی بەدی بینن.

ستیڤان: -ئەگەر بەندی 7 لە دەستور نەگۆراو خرایە بەر دەستی جەماوەر بۆ دەنگدان، کاری ئەو کەمینە دەبێت چی بێت؟ ئایا ئەو کەمپینە دەتوانی گوشاری کاریگەر نیشان بدات بۆ ناچار کردنی دەسەلات بۆ گۆرینی ئەو بەندە؟

ساکار ئەحمەد :دیارە من تەوەقعم لە لیژنەی نوسینی دەستور ئەوە نی یە کە ئەوان ئیستا بەر لە دەنگ دان ئەو بەندە لا دەبەن نەخێر! چونکە ئەوانە زۆر ئامانجدارانە ئەو خالەیان بۆ داناوەن خۆ ئەگەر کەسانیکیش لەو لیژنەیە نارازی بو بن بەو بەندە ئەوە بە زۆرایەتی لەگەلین. چونکە ئەم مەسەلە پەیوەندی هەیە بە هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوە ئەوان ئەگەر مەبەستیان نەبوایە ئەوە نەیان دەهیشت ئەو بەندە لە رەشنوسەکە بنوسن. بەلام تا ئەو جیگەیە دەگەریتەوە ئەوەی ئاخۆ لە دەنگ دان دا خەلك لە دزی ئەو بەندە دەبن و لا دەبریت من پیم وایە ئەمە پەیوەستە بە کاری جدی ئیمەوە چونکە ئەگەر کەسانیکی وەك ئیمەو حزب هیزە عەلمانی و پیشکەوتنخواز و چەپ و کۆمۆنیستەکانی کار نەکەن لە دزی ئەو بەندە ئەوە مەرج نی یە خود بە خود لە دەنگ دان خەلکی لە دزی بن. چونکە ئەوە ئاشکرایە کە هیزیکی گەورە لە پشتی ئەو بەندەوەیە کە ئەویش جگە لە لایەنە ئیسلامی یە خودی حزبە قومی یەکانی وەك یەکیتی و پارتی یە. ئەوانیش لە دەسەلاتن بۆیە ئاسای یەی کە بە هەمو شیوەیەك کار بکەن تا دەنگی بۆ بدریت.

ستیڤان: ئامادەیی کۆمەلگای کوردستان چۆن دەبینیت بۆ قبول کردنی علمانیەت؟ ئایا کۆمەلی کوردی گەیشتۆتە قۆناغیك کە بە شیوەیەك بەبی گیروگرفت علمانیەت وەربگریت بە کورتیەکەی زەمینەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی خۆمالی لەبارە بۆ قەبول کردنی عەلمانیە؟

ساکارئەحمەد:من ویرای سەرنجی رەخنەگرانەم لەسەر هەندی ووشەو دەستەوازە کە لە پرسیارەکەتدا هاتتوە وە کۆمەلگای کوردی و فەرهەنگی خۆمالی.. هتد من لە کوردستان مرۆڤ وەك هاوولاتی یەکسان دەبینم و پیم وایە مادامە بونەوەریك هەیە پی دەلین مرۆڤ کەواتە دەبیت فەرهەنگیکیش هەبیت دەرهاویشتەی خواست و ئارەزوو ئاوات و ئامانجە مرۆڤایەتی یەکان بن دور لە هەر روپۆشیکی تری قومی و دینی و چوار چیوەی نیشتیمانی و عەشیرەتی و تایەفی ئەمانە. تۆ وەرە تەماشای بەندەکانی جارنامەی جهانی مافی مرۆڤ بدە. ئەوانە مافیکی جهانسمولین پەیوەست نی یە بە هیچ ناسنامەیەکی قومی و وەتەنی و دینی و جنسی و تایەفی.. هتد ئاخر لەم روانگەیەشەوەیە ئیمە دەلیین دەبین بۆ بەریوە بردنی ئەم بونەوەرە کۆمەلایەتی یە دەبیت دەلەوتی عەلمانی بیت یانی بی ناسنامەی دینی و قومی و تایەفی و رەگەزی بیت لەم بارەیەوەهەر کەسیکی شارەزای کۆمەلناسی باشتریش دەزانی، کە کۆمەلگای ئەمرۆ خود بە خود مۆدیرنو شارستانی هاوچەرخە. تۆ تەماشای سەرجەم خەلکی کوردستان کە بزانە رۆژانە بە گۆشت و پروسکەوە هەست بە مەدەنیەتی مرۆڤەکانی ئەم کۆمەلگایە دەکەیت یان نا؟؟لە خوارن، خەوتن، کاکردن، جل و بەرگ، سەفرەو گەشت و گوزراو خواردنەوەو گۆرانی و مۆسقا و هەلپەرکی و سەماو رەشبەلەك و هەزارو یەك شتی تر. بۆ نمونە با زەکەریاو عەدنان کەریم و ئەیوب عەلی و دەیان هونەرمەندی تر بین کۆنسیرت بکەن بزانە سەرەرای هەموو فشاریکی ئابوری دەیان هەزار کەس کۆ دەبنەوە یان نا. بزانە بە قەد دە مزگەوت خەلك ئامادە دەبن یان نا؟!ئەمە نیشانی دەدا سەرەرای ئەوەی هەموو هیزە رەشەکان بە کوشت و برو هەزارەها شیوەی زەبروزەنگ دەیانەوی کۆمەلگا بۆ دوا بەرن بەلام خەلك هەر دلی پر لە ئومیدە و خوازیاری ئازادی و پیشکەوتن و مەدەنیەت و هەموو ئەو شتانەن کە جلوەی خۆشی و شادی و ئازادی و یەکسانی لی دیت. بۆیە بە رای من کۆمەلگا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەم مەدەنی و شارستانی و بەمەش یانی عەلمانی یە. مەسەلەکە ئەوەی ئاخۆ ئیمە دەتوانین دەولەتیکی عەلمانی بینیە سەر کار یاخود دەتوانین لانی کەمی بەندەکانی هەر دەستوریك کە عەلمانی نەبوو بکەینە عەلمانی. ئەمە مەسەلەکەیەو کیشەیە لیرەدایە. چونکە وەك ووتم عەلمانی یانی جیایی دین لە دەولەت. بە کورتی یانی نابیت دەولەت هیچ شتیکی پیوە بلکینی نە دین ونە قەومیەت و نە ئایدۆلۆزیەت. یانی دەولەت دەبیت رووت و قوت بیت و تەنها ئامرازیك بیت بۆ بەریوە بردنی کۆمەڵ وە دەبیت دەولەت لەسەر بنەمای ئەو دەستور یاسایانە کۆمەلگا ببیات بە ریوە کە ئاکامی ئیبتکارو هەول و کۆششی خودی مرۆڤە لە جهانە نەك دەستور یاسا پشت ببەستی بە دەستور و یاسایەیەك کە دینی یان تایەفی یەو هی سەدەکانی ناوەراستە. وە دەبیت دەولەت چەتریکی هاوبەشی هەموو ئەو مرۆڤانە بیت کە لەو وولاتە دەزین بە بی رەچاو کردنی بیرو باوەری سیاسی و دینی و قومی و تایەفی و هیچ شتیکی تر.

ستیڤان: کارەکانی داهاتوی کەمپین چییە؟ ئایا شیوازی نوی هەیە یان دریژە دەدریت بە هەمان کارەکانی پیشوو، ئایا پلانی بەهیزتان بەدەستەوەیە بۆ کارەکانی داهاتوو؟

ساکار ئەحمەد:ئیمە لە قۆناغی یەکەم، دوایی قسەوباس کردن لە نیوان ئەو چەند کەسەو لەگەل دەیان کەسی تری هەلسوراو بەرگر لە عەلمانیەتی دەستور بە تایبەتی لابردنی ئەو بەندە، ئینجا دەستمان بەم کەمپینە کرد کە لەم قۆناغە تەنها لە ئیمزا کۆکردنەوە چەقی بەستبووە. دیارە لەم بارەیەوە چاوپیکەتمان بووە لە دەزگاکانی راگەیاند و دانوسانمان بووە لەگەل کەسایەتی و نوینەری حزب و ریکخراوەکانی بەرەی عەلمانیەت تا ئەو کاتە ئیمزاکان دراوە بە لیزنەی نوسینەوەی دەستور. هەلبەت لەمەو لاش کاری ترمان لە پیشەو هەنگاوی تر دەبیت هەلگرین. ناکریت لیرە راوەستن کە تازە پشکۆکە دەگەشیتەوە. هەر ئەوەی کە ئیسلامی یەکان دەستیان کردوە بە کەمپەین لە دزی کەمپەینی ئیمە ئەمە یانی ئیتر دەبیت زیاتر خۆمان توند بکەینەوە.

حەتمەن ئیمە هەر ئیستا بەرنامە کاری ترمان هەیەو لەم بارەیەوە قسەو باسمان هەیەو خەرکی نامە گۆرینەوەی بەردەوامین و کەمپەنەکەمان دەبەینە قۆناغی ترەوە. بە هیوام هەر چی زیاتر بەرەی عەلمانیەتی کۆمەلگاش زیاتر پەیوەست بن بەم کەمپەینەوە، بین ببنە هەلسوراوی جدی. ئیمە هەنگاوەکانی ترمان لە داهاتوی نزیك بۆ رای گشتی رادەگەیەنین بە هیوای سەرکەوتنین.

لە کۆتای دا ئەوەش بلیم کە من نەك هەر لە دزی ئەو بەندەم بەلکو ناکۆکم بەوەش کە لەم باردۆخەی ئەمرۆی کوردستان ئەم دەستورە پیشنیار کراوەو خەریکن رای لەسەر دەدەن. بەلام ئەم ناکۆکی یەی من بەو مانایە نی یە کە من ئیتر نابیت هەول بدەم بۆ گۆرینی بەندە هەر دزی ئینسانی یەکان.

لە کۆتایی دا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپیکەوتنە تا هەرچی زیاتر بتوانین ناوەرۆکی ئەم کەمپەینە بۆ خەلکی کوردستان روون کەینەوە.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.